
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٥٠) هاوین (٢٠٢٥)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

## گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



# ڕێزێک بۆ
# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ



## دیالەکتیکی ئاپۆیی: گیان و داینامیکی داهێنان

جەمیل بایک



## دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ

دەیڤید گرەیبەر



## بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان:
هەڵبەستێک بۆ ژیانێکی باش

سۆمەیە ڕۆستەمپوور

## دەروازەیەک بۆ دیالکتیک

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

## بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟

شێروان ئیبراهیم

## کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایک:
گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی

عارف ڕێین

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لــەسەر دەربڕینی ئــەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥٠ هاوین ٢٠٢٥



ڕێزێک بۆ

# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

Theodor W. Adorno



**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
شێروان ئیبراهیم
وریا ئەحمەد
سۆمەیە ڕۆستەمپوور
عەلی ئەحمەد
ڕوشدی جەعفەر
کۆسار عەبدوڵڵا
نەجیبە قەرەداخی
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

هاوین ٢٠٢٥

**٥٠**

**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

دیالەکتیکی ئاپۆیی؛ گیان و داینامیکی داهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

دیالەکتیکی سەرمایە

تۆماس ت. سکین ........ ٦٥

بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟

شێروان ئیبراهیم ........ ٩٧

چەمکی دەوڵەت لە فەلسەفەی مارکس و ئەنگڵسدا

فیلیپ دایر ........ ١١٧

بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان: هەڵبەستێك بۆ ژیانێکی باش

سۆمەیە ڕۆستەمپوور ........ ١٢٧

دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ

دەیڤید گرەیبەر ........ ١٥٩

دەروازەیەك بۆ دیالەکتیك

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ........ ١٧١

کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایك: گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی

عارف ڕێپن ........ ١٧٩

ئەنکیدۆ! تۆ چۆن بووی بە شارستانیی؟

محەمەد ئەربای ........ ١٩٥

ڕانانی پەرتووکی (شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ)

هەردی دولبەر ........ ٢٠١

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

گەلی کورد لەسەر ڕێچکەیەکی مێژوویی هەستیاردایە، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و کردنەوەی دەروازەکانی داهاتوو، پێویستی بە چەکدارکردنی زەین بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی هەیە. چیتر ناتوانرێت بە بیرکردنەوەی پارچەپارچە و میکانیزمە نەریتییەکانی ‹کوردایەتی کلاسیک› وەڵامی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانی سەردەم بدرێتەوە. وەک ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان ئاماژەی پێ دەدات، «ماهییەتی هەر دیاردە و شتێک، لەسەر شێوە و دیالەکتیکی بوون و مانەوەکەی شکڵ دەگرێت.» لەم گۆشەنیگایەوە، تیۆریزەکردن و شیکاریی قوڵی واقیع، دەبێتە مەرجی سەرەکیی هەر هەنگاوێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کاریگەر.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هاوکاتە لەگەڵ بڵاوکردنەوە و تاوتوێکردنی «مانیفێستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی ڕێبەری گەلان، ئەمەش ڕێکەوتێکی سادە نییە، ئەمە ئەرکێکی فیکریی و مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان. ئەم هەلومەرجە وایکردووە کە پرسە بنەڕەتییەکانی وەک دیالەکتیک، ململانێی نێوان مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە و بەدیلی نەتەوەی دیموکرات، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی و کۆمۆن، لە هەر کاتێک زیاتر ببنە ڕۆژەڤ و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ بێت.

ئەم ژمارەیەی ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هەوڵێکە بۆ چنینێکی تیۆریی-فیکریی لە دەوری ئەو چەمکە سەرەکییانە. بابەتەکان سەکۆیەکن بۆ دیالۆگێکی فرەڕەهەند، کە لە ڕەخنەگرتن لە دیالەکتیکی سەرمایە و دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات، و دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی ململانێی مێژوویی نێوان ‹دەوڵەت› و ‹کۆمۆن›، تا دەگاتە تاوتوێکردنی ڕێگاچارە و بەدیلەکانی سیستمی هەژموونگەرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێزی ئەم ژمارەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەشدارییان لەم دیالۆگە فیکرییەدا کردووە. بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە، خوێنەر بانگهێشت دەکەین بۆ گەشتێک کە لە شیکاریی تیۆرییەوە دەست پێ دەکات، بە شیکاریی واقیعدا تێدەپەڕێت و بە ئاسۆی چارەسەریی کۆتایی دێت. هیوادارین ئەم ژمارەیە ببێتە کەرەستەیەکی بەسوود بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بنیادنانی ژیانێکی ئازادتر.



# دیالەکتیکی سەرمایە

تۆماس ت. سکین
لە فارسییەوە: وەلید عومەر

## وتەی وەرگێڕ:

ئـەم وتـارە، بەشـێکە لـە بەرگـی یەکەمـی کتێبێـک بـە نـاوی ‹دیالەکتیک بۆ سـەدەی نوێ›، کـە کۆمەڵێک نووسـەر نووسـیویانە و بێرتـڵ ئۆڵمـان و تۆنـی سـمیس ئیدیتیان کردووە. ناونیشـانی دووەمی کتێبەکـە بریتییـە لـە «لیکۆڵینەوەیـەک لەمـەڕ لۆژیکـی ناوەکیـی سـەرمایەداریی». نـاوی وتارەکـەش خـۆی ئەمـە بـوو: «دیالەکتیکی سـەرمایە: تەفسـیرێکی ئۆنۆیـی». ئێمـە ئـەم بەشـەمان لەبـەر دوو هـۆکار هەڵبـژارد:

١) تاکو تێبگەیـن چەمکـی سـەرمایە لا مارکس چەمکێکی ئابووریی ڕووت نییـە، بەڵکـوو ڕیشـەی لـە فەلسـەفەی هیگڵدایـە. گەرچـی چەمکەکـە بـەر لـە مارکسـیش لای ئابوورییناسـە بۆرژوازییـەکان بـەکار هاتـووە، بـەڵام مارکـس چەمکەکـە سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی دەکاتـەوە. بـە جۆرێـک کـە ئابووریـی مارکسـی، ئابووریـی ڕووت نییـە، بەڵکـوو ئابوورییەکـی سیاسـییە و لـەو ڕێگەیـەوە کۆمەڵـگای نوێـی مۆدێـرن دەخوێنێتـەوە. ئاشـکرایە ناونیشـانی دووەمـی کتێبـی «سـەرمایە»ش هـەر «ئابووریـی سیاسـییە»، ڕەخنەکردنـی ئابووریی سیاسـیی، ڕەخنـە لێـرەدا واتـە پشـکنینی ئـەو هەلومەرجـەی وا ئابووریـی بۆرژوازیـی تیـا درووسـت بـووە و دەرخسـتنی ناکۆکیـی و هەڤدژییەکانیشـی. واتـە لـە پشـتی چەمکەکانـی وەک سـەرمایە، بەهـا، پـارە، کرێ، بـازاڕ و هتـد... فۆرمێک کۆمەڵگا نوسـتووە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیـی و ئایدۆلۆژییەکانـی خـۆی پـێ دەشـارێتەوە. مارکـس، لـە بەکارهێنانـی وشـەی ‹ڕەخنـە›دا لـە ڕیـزی فەیلەسـووفانی وەک کانـت

و هیگڵ و پێشتریش کەلتووری فەلسەفیی یۆناندا دەمێنێتەوە کە ‹ڕەخنە› جۆرێکە لە هەڵکۆڵین، هەڵسەنگاندن، پشکنینی هەلومەرجی دروستبوونی شتێک.

٢) سەرمایە لای مارکس، ناوی بڕێک پارەی زۆر نییە وەک لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا باوە، بەڵکوو ناوی جۆرێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە و لە مۆدێرنەدا دروست بووە و کۆمەڵگایەکیشی دروست کردووە بە ناوی کۆمەڵگای کەپیتاڵیستیی. تەنانەت خوێنەری ئێمە، بە حوکمی هەژاریی تیۆریی، زۆر جار لە نیگای یەکەمدا دیالەکتیک هەر بە ‹دیالێکت› تێدەگات. دیالەکتیک کە میتۆدێکی بیرکردنەوەیە و جیهان لەڕێی دژیەکییەکانییەوە دەخوێنێتەوە، تێکەڵ دەکرێت بە دیالێکت کە شێوەزارە و هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو میتۆدەوە نییە. بەهەرحاڵ... سەرمایە، پارەیەکی ڕووت و دابڕاو نییە؛ بەڵکوو پەیوەندیی (Relation)یە. ئەو بەهایەشی لەم کۆمەڵگایەدا بەرهەم دێت، زیادەبەهایەکی ئابوورییە کە سیستەمی سەرمایەداریی بەرهەمی دەهێنێت و هەموو کایەکانی ژیان بە خۆی ڕەنگڕێژ دەکات و هەموو پەیوەندییەکان پەیوەندیی کالاییین. سەرمایە، وەک ڕۆحێک کۆمەڵگا هەڵدەسوڕێنێت، ئەویش بەپێی ڕێسایەک کە ناوی دیالەکتیکە. دەیڤید هارڤەی، ئابووریناس و جوگرافیناسی مارکسی، لە کتێبی ‹لوغزی سەرمایە›دا سەرمایە بە «خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانی ناو لەشی مرۆڤ» دەچوێنێت کە ساتێک هەدادانی نییە و هەرکە وەستا، سیستەمی سەرمایەدارییش دەوەستێت. پارە تەنیا خاڵێکی ساکاری دەسپێکی سەرمایەیە

و سـەرمایە کـە کەوتـە ڕێ، دەبێتـە پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتیـی و هەمـوو کۆمەڵـگا دەخاتـە ژێـر کاریگەریـی خۆیـەوە، ئامانجەکەشـی بەرهەمهێنانـی ‹زیادەبەها›یـە و لـە ڕێـی چەوسـاندنەوەی هێـزی کاری مرۆڤـەوە دەیهێنێتـە دی. ئـەم پرۆسـەیە ناوەسـتێت و سـەرمایە بـەردەوام خـۆی بەرهـەم دەهێنێتـەوە. بۆیـە مارکسـیش دەڵێـت، سـەرمایە شـت نییـە، بەڵکوو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە و شـتەکان و شـمەکان دەخاتـە جووڵـە و هـەر دەڵێـی کاڵاکان سـەما دەکـەن. واتـە پەیوەندیـی نێـوان کاڵا و کاڵا، جێـی پەیوەندیـی نێـوان مـرۆڤ و مـرۆڤ دەگرێتـەوە. بـۆ وێناکردنـی ئـەم دیمەنـە تیۆرییـە، گەرەکـە مـرۆڤ شـتێک لـە فەلسـەفەی هیگڵ و میتۆدی دیالەکتێک تێبگات. بە کورتیـی، سـەرمایە لەپێنـاوی بەهـای بەکارهێناندا نییـە، کـە مەبەسـت پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ بێـت، بەڵکوو لـە پێناوی بەهای ئاڵوگۆڕدایـە و پەیوەندیـی بـە پڕکردنـەوەی پێویسـتییەکانەوە نامێنێت و ئامانجەکـە بەرهەمهێنانـی زیادەبەهایـە.

دەقەکـە، کەمێک چڕ و ئاڵۆزە. بۆیـە وەرگێڕ، پەنـای بـۆ کۆمەڵێـک کەوانـە بـردووە تاکـو کەمێـک دەقەکـە ڕوونتـر بێتـەوە. ئـەم جـۆرە نووسـینانە خۆیان لە خۆیاندا بەس نین، بۆیە تەنیا دەسـتپێکن بۆ نێو دنیـا بەرینەکـەی فەلسـەفەی هیگڵ و مارکس. دنیایـەک، کـە ڕیشـەی کۆمەڵـگا و سیسـتەمە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و ئابوورییەکانمـان هەڵدەداتـەوە و بـەر ئەفسـوونی دۆزینـەوە دەکەویـن.

**دەقەکە:**

تیۆرە ئابوورییە مارکسییەکە، سیستەمێکی دیالەکتیکییە نەک سیستەمێکی ئاکسیۆماتیک[١] [واتە لە گەشە و گۆڕاندایە، نەک ئەوەی لە سەر کۆمەڵێک پێشگریمانەی نەگۆڕ وەستابێت]. گەرچی پێشتر لە شوێنانی تر باسی هەندێک تایبەتمەندیی گرنگی دیالەکتیک[٢]مان کردووە، بەڵام وادیارە پێویست دەکات بە شێوەیەکی یەکانگیرتر ئاوڕ لەم بابەتە بدەینەوە (بەتایبەت نوسخە هیگڵی-مارکسییەکەی دیالەکتیک). دیارە لە ئەدەبییاتی مارکسییدا لێکدانەوەی زۆر بۆ ئەم جۆرە دیالەکتیکە کراوە، بەڵام بەداخەوە هەموویان مایەی پشتپێبەستن نین؛ ڕاستتان بوێت هەندێکیان سەر لە مرۆ دەشێوێنن تا ئەوەی شتێکی فێر بکەن. بەشێکی گرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیالەکتیک شتێک نییە بە شێوەیەکی گشتیی یاخۆ پەتی و ئەبستراکت ڕوون بکرێتەوە، چونکە دیالەکتیک لۆژیکێکی تەواو فۆرماڵ (واتە ئەبستراکت و گشتی[٣]) نییە، بەڵکوو لۆژیکێکی فۆرماڵ-ناوەڕۆکدار[٤] (کۆنکریتی-سەنتێزکار[٥])ە. [بە دەربڕینێکی ئاسانتر، لۆژیکی پشت ئیشکردنی دیالەکتیک، لۆژیکێکی فۆرمەکیی و فۆرماڵی وەک ئەوەی ئەرستۆ نییە؛ بەڵکوو لۆژیکێکە گرنگیی بە ناوەڕۆکی واقیع دەدات و هەریەکە لە فۆرم و ناوەڕۆک تێهەڵکێشی یەکتر دەکات و دووانەی کۆنکرێت و ئەبستراکت لێک دەدات]. بە دەربڕینێکی تر بیڵێین، دیالەکتیک سیستەمێکی تیلۆلۆژیی[٦]یە، نەک تۆتۆلۆژیی[٧]. [واتە سیستەمێکی غایەتگەرا و ئامانجدارە و بەرەو ئامانجێک دەجووڵێت، نەک ئەوەی سیستەمێکی هەمانگۆ و

خۆدووبارەکەرەوە بێت وەک ئەوەی لە لۆژیکی فۆرماڵدا دەیبینین و نمونەشی لە ماتماتیکدا هەر زۆرە]. لە شرۆڤەی دیالەکتیکی دا، عادەتەن لە شتی کۆنکرێتی (بەرجەستە)وە دەستپێدەکەین و دەگەینە سەر شتی ئەبستراکت (پەتی). واتە لە چەمکێکی بەتاڵ و کەمدەستنیشانکراوترەوە دەڕۆین بەرەو چەمکێکی «دەوڵەمەندتر» و دەستنیشانکراوتر. جا لێرەدا ‹کۆنکرێتیی›بە مانای «کۆنکرێتی-ئەزموونی[٨]» یاخود «کۆنکرێتی-مێژوویی» نایەت، بەڵکوو بە مانای «کۆنکرێتی-تێهەڵکێشکار (سەنتێزکار)» دێت و «خەسڵەت یان تایبەتمەندیی زیاتری بابەتەکە لەخۆ دەگرێت». [واتە جۆری کۆنکرێتەکە فاکتێکی دابڕاو یاخۆ بەروارێکی دابڕاو نییە، بەڵکوو کۆی فاکت و بەروارەکانە پێکەوە، لەگەڵ دەرخستنی ناکۆکییە ناوەکییەکانیان لەو کۆیەدا].

ئێستاش ڕەنگە وا باشتر بێت باسەکەمان بە سێ تایبەتمەندیی بنەڕەتیی دیالەکتیکی هیگڵی-مارکسی دەست پێ بکەین:

١) ئەم دیالەکتیکە [هیگڵیی-مارکسییە]،بڕوای وایە «هەقیقەت، بریتییە لە گشت[٩]».

٢) هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات سوبێکت و ئۆبێکت (سەبجێکت و ئۆبجێکت) یەکێکن (هاوشووناسن).

٣) لە ڕێگەی تێهەڵکێشکردنی ‹ناکۆکییەکان› و سیانەی تێز، ئەنتیتێز، سەنتێزەوە دەبزوێت.

تایبەتمەندیی یەکەم و دووەم، پەیوەندیی بە پێکهاتە و بنیادی دیالەکتیکەوە هەیە، تایبەتمەندیی سێیەمیشیان پەیوەندیی بە شێوازی بزووتن و [کارکردنییەوە] هەیە.

ئێمەی مرۆڤ لە ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە تێدەگەین هەر چیرۆکێکی نیوەناچڵ، چیرۆکێکە دواجار پشتی پێ نابەسترێت. بەس داییابێکی بێئەقڵ دێن لە سەر بنەمای دووزمانیی یەکێک لە منداڵەکان، داوەریی نێوانیان دەکەن. بۆ ئەوەی ڕەچاوی ویژدان بکەن، گەرەکە گوێ لە هەردوو لا بگرن و کۆی پارچەکانی چیرۆکەکە «تێهەڵکێش»ی یەکتر بکەن. دادگاش هەر لەسەر پرەنسیپێکی ئاواهی ئیش دەکات. دادگا تا لە «کۆی هەقیقەت» بەئاگا نەیەتەوە، حوکمی کۆتایی دەرناکات. گەرچی مرۆڤ شیاوی هەڵەیە و دادگاش جاروبار لەسەر بەڵگەی کەموکورت بڕیاری هەڵە دەدات، بەڵام عادەت وایە دادگا ئەو گریمانانە ڕەت بکاتەوە کە لەسەر گومان و سووسەی گوماناویی یاخۆ گریمانەی پووچەڵ و (پووچکراوە) بەندن. دەی ڕوونە لەبەر چی. ئێمەی مرۆڤ دەزانین بۆ ئەوەی شتێک ڕاست (هەقیقیی) بێت، ئەوا پێویست دەکات بە ڕەهایی یاخود لەکۆدا ڕاست بێت. ئەو گریمانە لێڵەی کە ئەم ساتەوەختە و «بەپێی دۆخی هەنوکەی مەعریفەمان» پەسەندی دەکەین، نابێتە ڕاستییەکی [بنجبڕ] و واقیعیی[١٠].

جا دیالەکتیکیش هەر ئاوایە، ئەویش لەم ڕوانگەیەوەیە داوای تێهەڵکێشی لۆژیکیی کۆی چیرۆکەکە دەکات. دیالەکتیک، دەرەنجامێک نییە لە سەر ئەگەر و نەگەر، گریمانە، و سووسەی گوماناویی

ڕۆ نرابێت. بە دەربڕینێکی تر، پێویستە ئەنجامی هەر لێگەڕینێکی دیالەکتیکیی لە سەر خودی خۆی وەستا بێت نەک پشتی بە ئاکسیۆم (پێشگریمانەی بەڵگەنەویست) و گریمانکراوی دیکە بەستبێت. وا پێویستە بابەت یاخۆ ئۆبێکتی لێگەڕینەکە، لە هەناوی سیستەمە دیالەکتیکییەکەدا «خۆ-ڕوونکەرەوە [یان خۆشرۆڤەکار]» بێت، واتە هیچ «شت لەخۆیدا[١١]»یەک نەمابێتەوە نەناسرابێت و ڕوون نەکرابێتەوە. بۆیە پێویستە لۆژیکی [ئیشکردنی] ئەم سیستەمە لە هەناوی سیستەمەکە خۆیەوە بێت نەک لە دەرەوەڕا سەپێنرابێت. ئەم جۆرە سیستەمە «خۆ-ڕوونکەرەوە[١٢]»یە هەر ئەو شتەیە وا هیگڵ ناوی دەنێت «ئایدیای لۆژیکیی کۆنکریتیی[١٣]». بۆ ئەوەی ئەم سیفەتەی دیالەکتیک زەق بکەینەوە، دەتوانین بڵێین دیالەکتیک سیفەتێکی «خۆ-ژیاننامەیی[١٤]»ی هەیە.

مادام دیالەکتیک نووسینەوەی ژیاننامەی خۆیە، کەواتە دەبێت گێڕەرەوە یاخۆ سوبێکتێکی هەبێت. گرنگیشە بزانین کێ چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. لای هیگڵ «پرسی موتڵەق[١٥]» (خودا یان لۆگۆسی مەسیحیی) بریتییە لە سوبێکتی دیالەکتیک [واتە بکەری پرۆسە دیالەکتیکییەکە]، بەڵام لای مارکس «سەرمایە» سوبێکتەکەیە. ماتریالیستە مارکسییەکان زۆرجار ئەم خاڵە گرنگە پشتگوێ دەخەن. هێند تامەزرۆن چەمکە ئایدیالیستییەکەی پرسی موتڵەق ناو فیکری هیگڵ «هەڵبوەشێننەوە» کە وچانێک ناگرن بزانن دەبێت چ سوبێکتێکی ماتریالیستی بخەنە جێی وی. ئەنگڵس، لینین و کۆی قوتابخانەی «ماتریالیزمی دیالەکتیکیی» هاتن چەمکی

سرووشت[١٦] (یاخۆ مادده[١٧])یان خستەجێی پرسی موتڵەق بێئەوەی زۆر لێی ڕابمێنن. بەڵام پڕۆژەکەیان، وەک دواتریش دەرکەوت، هەر لە سەرەتاوە شکستی هێنابوو. بۆچی شکستی هێنا؟ چونکە سرووشت (یاخۆ مادده) نایەت چیرۆکی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە. لەبەر ئەوەی سرووشت دیاردەیەکی «خۆ-ژیاننامەیی» نییە، دیالەکتیکی سرووشت (یان دیالەکتیکی مادده) بۆ خۆی شتێکی مەحاڵە. سرووشت، مت و ناچالاک کەوتووەتە دەرەوەی ئێمەوە و چاوەڕێیە بیپشکنین، توێکاریی بکەین، شیی بکەینەوە و بیخەینە بەر باس- ئەویش لەناوەوە نەک دەرەوە.

هەر سوبێکتێکی دیالەکتیکیی، پێویستە بە ناو سوبێکتی مرۆییدا بڕوات، بگرە پێویستە مرۆڤیش تێپەڕێنێت. پرسی موتڵەقی هیگڵ، هەردوو مەرجەکەی تیایە. چونکە، وەک ئەوەی فۆیەرباخیش وتوویەتی، موتڵەق هیچ نییە بێجگە لە «ناکۆتاکردنەوە» (یان ڕەهاکردنەوە)ی فەزیلەتە مرۆییەکان. ئێمەی مرۆڤ تاڕادەیەک چاکەخواز، ژیر، بەهێز، و هتدین، بەڵام تا ناکۆتا و بە شێوەیەکی موتڵەق بەو جۆرە نیین. گەر ئەم سیفەتە خۆش و خوازراوە مرۆییانە لە زەینی مەدا ‹ناکۆتا› و ‹ڕەها› ببنەوە، ئەوسا ئیدی دەتوانین وێنای خودا یان موتڵەق بکەین. لەجیاتیی ئەوەی خودا ئێمەی لەسەر شێوەی خۆی خەڵق کردبێت، ئەوە ئێمەین ئەومان لەسەر شێوەی خۆمان خەڵق کردووە. ئەمە تێزە ناسراوەکەی فۆیەرباخیشە بە ناوی بەمرۆڤدانان[١٨] [ئەوەی کە خودا، مرۆیی دەکەینەوە و وەک خۆمان وێنای دەکەین]. هەر لێرەشەوەیە بە

ئاسـانیی لـەوە تێدەگەیـن بۆچـی خـودا، واتـە پرسـی موتلـەق، ئێمـە وەک خەلیفـە [یـان بریـکار]ی خـۆی هەڵدەبژێرێـت. دەبێـت لەڕێـی ئێمـەوە، خـۆی ئاشـکرا بـکات. ئێمـەی مرۆڤیـش لای خۆمانـەوە دەتوانیـن لـە ماهییـەت (یـان لۆژیـک)ی پرسـی موتلـەق تێبگەیـن (کـە دەکاتـە حیکمەتـی خودایـی یـان ئەقڵ)، چونکـە موتلـەق هیـچ نییـە بـێ لـە درێژبوونـەوەی «زات[١٩]»ی خۆمـان. دۆکترینـی دینیـی پێمـان دەڵێـت خـودا بـەردەوام ‹ڕەحمـەت[٢٠]›ی خۆیمـان بـە سـەردا دەڕێژێـت و بوارمـان پـێ دەدات لـە نییـەت و نەخشـەکانی تێبگەیـن. هیـگڵ ئەمـە بـە شـێوەیەکی ‹فەلسـەفیی› ئـاوا دەردەبڕێـت: موتلـەق، بـە تەواوەتیـی خـۆی بـۆ ئەقڵـە کۆتادارەکـەی مـە دەردەخـات.

ئێمـە لەڕێـی «خۆ-ئایدیاڵکـردن[٢١]» و ناکۆتاکردنـی فەزیلەتەکانـی خۆمانـەوە، سرووشـت یـان مـاددە ناخوڵقێنیـن. سرووشـت هیـچ مەرام و ئامانجێکی نییە بۆ ئێمەی دەربخات. ئێمە ڕاستەوڕاست سرووشـت ناناسین. هەر ئەوەندە دەتوانین لە دەرەوەڕا و بە پشکنینی بەردەوام، مەعریفەیەکی نیوەناچڵ لەبـارەی هەڵسـوکەوتییەوە بەدەسـت بهێنین. سرووشـت جۆرێ‌یەکی تایبەتی پێ نەبەخشـیوین، وەک بریـکاری خـۆی هەڵـی نەبژاردوویـن و ڕێ نـادات لۆژیکەکـەی پیـا دەبکەیـن[٢٢]. گەرچـی ئێمـە پەیوەسـتین بـە سرووشـتەوە، بـەڵام خـۆ ئێمـە خەڵقمـان نەکـردووە. بۆیـە لۆژیکەکـەی لـە نـاوەوە نابینیـن و ناشـتوانین وەک ‹کۆ[٢٣]›یـەک، واتـە وەک «ئایدیایەکـی لۆژیکیـی کۆنکرێتـی» تێـی بگەین.»شـت-لەخۆیدا»ی سرووشـت، شـتێکە هەرگیـز دەسـتمان پیایـدا نـاگات. بـە گوزارشـتێکی تـر بیڵێیـن، سرووشـت و (مـاددە)

ناتوانن ببنە سوبێکتی دیالەکتیکێکی ماتریالیستیی. ئەی گەر وایە چ شتێکی تر دەتوانێت ببێتە سوبێکتی دیالەکتیکی ماتریالیستی؟ وەڵامی من ئەمەیە: «سەرمایە[٢٤]» دەتوانێت ببێتە سوبێکتی ئەم دیالەکتیکە ماتریالیستییە.

سەرمایە، لە «پاڵنەرە ئابوورییەکان[٢٥]»ی ئێمەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، بگرە ئێمەش تێدەپەڕێنێت و پێشوەختە تایبەتمەندییە مرۆییەکان لەودا ناکۆتا و موتڵەق بوونەتەوە. لە میانی ئەفراندنی سەرمایەدا، پاڵنەرە ئابوورییەکانمان «تاکڕەهەند» دەبنەوە، و لەوێشەوە کە سەرمایە بەرهەمی «خۆ-ئایدیاڵکردن»ە، باش تێی دەگەین. [«بۆ تێگەیشتن لێی»]هێند بەسە لە خۆمان بپرسین چی دەبوو گەر بڕیار بووایە دوای ئامانجە ‹ئابوورییەکان›ی خۆمان بکەوین، ئیدی بە هەر نرخ و سەرنجێک بووایە، واتە تەنیا ڕۆڵی کۆمەڵێک «هەڵگری کاتیگۆریی ئابووریی» بگێڕین؟ ڕاستییەکەی بەم شێوەیە فێری بنەماکانی تیۆری ئابووریی دەبین. مەبەست لەم بانگەشەیە ئەوەیە کە سەرمایە وەک سوبێکتێکی دیالەکتیکی[٢٦]، سەرتاپێ خۆی بۆ ئێمە دەردەخات. بەو پێیەی سەرمایە بەرهەمی «خۆ-ئایدیاڵکردن»ی ئێمەیە، ئیدی هیچ شتێکی تیا نییە بە چاکیی تێی نەگەین.

یەکێتیی[٢٧] سوبێکت و ئۆبێکت، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم ڕاستییەیە. لەم دیالەکتیکەدا، سەرمایە چیرۆکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. سەرمایە، کە خۆمان و سنوورەکانمان تێدەپەڕێنێت، شووناسێکی سەربەخۆ و جیا لە ئێمەی هەیە. سەرمایە بووە بە ئۆبێکت [شتێکی دەرەکیی]، واتە لە سوبێکتیڤیتەی کۆتاداری مە

تێپەڕیوە. لەم حاڵەتەدا، چاک لەوەش تێدەگەین سەرمایە چۆن «بیر دەکاتەوە»، چونکە لۆژیکەکەی بریتییە لە نوسخەیەکی درێژبووەوەی بیرکردنەوەی ئێمە و هیچی تر. بە دەربڕینێکی تر، ئێمە لە سوبێکتیڤیتەی سەرمایە (سەبجێکتیڤیتیی سەرمایە[٢٨]) بەئاگا دێینەوە و [دەزانین وەک بکەرێک جیا لە ئێمەش هەیە]. سوبێکتیڤیتەی کۆتاداری ئێمە و سوبێکتیڤیتەی ناکۆتای سەرمایە، جیان لە یەکتری؛ بەڵامهێشتاش هەر گرێدراوە بەو شتەوە وا مارکس ناوی دەنێت «هێزی ئەبستراکتکردن (داماڵین)[٢٩]». کاتێک خۆمان «ڕادەست»ی سەرمایە دەکەین و دەبینە بریکاری، ئیدی دەتوانین هەروەکو سەرمایە بیر بکەینەوە.

شتێکی سەرنجڕاکێشە ئەوە بیری خۆمان بێنینەوە کە لای هیگڵ «لۆژیک لەگەڵ میتافیزیکدا یەک دەگرێتەوە[٣٠]». کاتیگۆرییە میتافیزیکییەکان هەموویان گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی پرسی موتڵەق دەکەن، واتە هەریەکەیان دەرکەوتەی سرووشتی پاڵێوراوی مرۆڤن. دیالەکتیکی پرسی موتڵەق، ئەم کاتیگۆرییانە لە نەزمێکی لۆژیکییدا ڕوون دەکاتەوە. هەر بەم پێیە، دەتوانین بڵێین «لۆژیکیش لەگەڵ ئابوورییدا یەک دەگرێتەوە». واتە هەموو کاتیگۆرییە ئابوورییەکان سیفەتەکانی سەرمایە دەنوێننەوە و [دەبنە نوێنەرەوەی سەرمایە]، سەرمایەش هیچ نییە بێجگە لە پاڵنەرە ئابوورییەکانمان کە ناکۆتا بوونەتەوە[٣١]. بە دەربڕینێکی تر، دیالەکتیکی سەرمایە هەر تیۆرە ئابوورییەکەیە و هیچی تر. بۆیە پێویستە تیۆرە ئابوورییەکە، لۆژیکی سەرمایە سەرتاپێ هەڵبماڵێت.

میتۆدی ئەم هەڵماڵینە سەرتاپاگیرە، هەر میتۆدی دیالەکتیکە کە هەرسیێ هەنگاوی تێز و ئەنتیتێز و سەنتێز دەبڕێت.

سیستەمی دیالەکتیکی، سیستەمێکی «خۆ-پێناسەکەر[٣٢]»ە، واتە سوبێکتی دیالەکتیکەکە پێکڕا خۆی پێناسە دەکات (یان دەستنیشان دەکات). ئەم پێناسەیە بە یەکجار کامڵ نابێت، پێویستە ئەم سوبێکتە جاردوایجار پێناسە بکرێتەوە، وەکچۆن ئێمەش بە تویێتویێی بوون (وجود)ی ویدا تێدەپەڕین. هەتاکوو باسەکە لە ئاستێکی ئەبستراکتەوە بەرەو ئاستێکی کۆنکرێتیی بڕوات، ئەم چەمکەش جاردوایجار دەگەڕێتەوە و هەر جارێکیش دەستنیشانکراو و [دەوڵەمەندتر] دەبێت. ئەم پرۆسەیە ئەودەم کۆتایی دێت کە چەمکەکە بە تەواویی تێهەڵکێش (سەنتێز) بووبێت یاخۆ دەرکەوتبێت، واتە هەموو چین و توێکانی دەرکەوتبێت.

ئاسانترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی ئەم میتۆدە، ئەوەیە بزانین وێنەکێشێک چۆنچۆنی کار لەسەر پۆرترێتێک دەکات. کاتێک بە کێشانی چەند هێڵێک دەست دەکات بە کارەکەی، زەحمەتە بزانین خەریکە وێنەی کێ دەکێشێت. بەڵام کاتێک وردەوردە وردەکاریی بۆ زیاد دەکات، تا دێت زیاتر لەو کەسە دەچێت وا دانیشتووە وێنەی بکێشێت. وەختێک وێنەکە تەواو دەبێت، ئیدی هیچ گومانێک نامێنێتەوە پۆرترێتەکە هی کێیە. تەنانەت هەر لە فڵچە تۆخەکانی سەرەتاوە، وێنەکێشەکە لەپێشدا کۆتا نەخشەی لە زەیندایە. ئاگادارە ئەو شوێنانەی بە بۆشی دەیانهێڵێتەوە، لە کاتی گونجاودا بە وردەکاریی تێروتەسەل پڕیان دەکاتەوە. لە پرۆسەی

سـەنتێز (تێهەڵکێش)ی دیالەکتیکییدا، ئێمـەش هـەروا دەجووڵێینـەوە. سـەرەتا بـە کۆمەڵێک هێڵـی گشـتیی دەسـت پـێ دەکەیـن، ئـەم هێڵانـە پێشـوەخت هەندێـک فـەزا دیاریـی دەکـەن بـۆ ئـەوەی دواتـر بـە وردەکاریـی (یـان تایبەتمەندیـی ورد) پـڕ بکرێنـەوە.

ئێسـتاش بـا ئاوڕێـک لـە سـیانە ناسـراوە هیگڵییەکـە بدەینـەوە، واتـە «بـوون[٣٣]، نەبـوون[٣٤]، و بوونبـە[٣٥]». پـێ دەچێـت ئـەم نموونەیـەی لای خوارەوە مانای دیالەکتیکیی «ناکۆکیی[٣٦]» و سەنتێز (تێهەڵکێش) ڕوونتـر بکاتـەوە. گریمـان مـن لە هاوڕێیەکم دەپرسـم: «منداڵت هەیە؟» گـەر وەڵامەکـە لـە یـەک کاتـدا ئـەم دووانـە بێـت «بەڵـێ دانەیەکـم هەیـە (= بـوون)» و «نـا، هیچـم نییـە (= نەبـوون)»، ئـەوا وەڵامەکـە بەپێـی لۆژیکـی فۆرمـاڵ وەڵامێکـی ناکۆکـە. یـان هاوڕێکـەم سـەری لـێ تێـک چـووە، یاخـود نایەوێـت وەڵامێکـی جدییـم بداتـەوە. ئاشـکرایە ناکۆکییەکـی لـەم جـۆرە، تێهەڵکێـش نابێـت، تێناپەڕێـت و حەلیـش نابێـت؛ چونکـە ناکۆکییەکـە ناکۆکییەکـی دیالەکتیکیـی نییـە. وێـڕای ئەمـەش، تەفسـیرکارانی خۆبەدیالەکتیکیزان، تەفسـیرێکی ناڕاسـتمان پێشـکەش دەکـەن. ئـەوان ڕێـک ئـەم تەمومـژە بـە نموونەیەکـی ئـەو شـتە دەزانـن کـە هیـگڵ پێیدەڵێـت « بوونبـە (یـان صەیـروورە)». دیـارە شـتی وا هیـچ ڕاسـت نییـە.

کاتێـک هاوڕێکـەم لـە وەڵامـی منـدا دەڵێـت «بەڵـێ هەمـە (بـوون)»، هێشـتا ڕەگـەزی منداڵەکـەی دیاریـی نەکـردووە. دەکرێـت منداڵەکـە کـوڕ بێـت یـان کـچ، سـاوایەکی یەکسـاڵان بێـت یـان مێردمناڵێکـی هاروهـاج، مناڵێکـی فرەزیـرەک بێـت یاخـۆ دانەیەکـی زەینکـۆڵ بێـت،

مەبەستم ئیتر ئەو شتانەیە وا منداڵ دەگرێتەوە. ئەم غیابەی سیفەتە دیاریکراوەکانە کە پێی‌دەوترێت «هیچ» یان «نەبوون». ئەو تاکە زانیارییە نەبێت کە منداڵەکە هەیە و بەس، ئیدی منداڵەکە ‹هیچ› مانایەکی بۆ من نییە. گەر بڕیار بووایە پەڕاوێکی بۆ بکەمەوە، ئەوا پەڕاوەکە جگە لە ناوێکی گریمانەیی کە بۆ کارئاسانیی خۆم لێم دەنا، هەروا بەتاڵوحەتاڵ دەمایەوە. سەرەڕای ئەمەش، ناتوانم چاو لەو ڕاستییە بپۆشم کە ماڵی هاوڕێکەم منداڵێکیان هەیە. ئەمە ئەو شتەیە وا ناکۆکیی دیالەکتیکیی[٣٧] دەڕەخسێنێت.

«بوون‌بە» لەم نموونەیەدا بەو واتایە دێت کە دەکرێت پرسیاری زیاتر بکەم و پەڕاوێکی ماقووڵ و مانادار بۆ منداڵەکە پڕ بکەمەوە. یاخۆ دەشێت هەروا بە سادەیی پشتگوێی بخەم. لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت بە دەستی منە ڕێ بدەم ئەو منداڵە «ببێت» یان «نەبێت (نەمێنێت)». چونکە لە ڕوانگەیەکی فۆرماڵەوە هیچ هۆیەکی ناچاریی نییە یەکێک لەم دوو بژاردەیە هەڵبژێرین. گوایە دۆخی «بوون‌بە»، دۆخێکی شلۆک و ناجێگیرە. جا بۆیە تا ئەو کاتەی پرسیارە سەرەتاییەکەی من بۆ خۆشی نەبووە و کونجکۆڵییەکی ڕاستەقینەی لەپشتەوە بوو، بە دوای زانیاریی زیاتردا دەگەڕێم لەمەڕ منداڵەکە.

ئەگەر هاوڕێکەم وەڵامی پرسیاری زیاتری من بداتەوە، ئەودەم ئیدی منداڵەکەی وەک «بوونێکی پەتیی» نامێنێتەوە. بەڵکوو وەردەگەڕێت بۆ «بوونێکی خەسڵەتدار (یاخۆ دەستنیشانکراو)». لە هەمان کاتدا، بیرکردنەوەی من لەمەڕ منداڵەکە، لە ئاستێکی «ئەبستراکشن»ەوە بەرەو ئاستێکی تر دەجووڵێت. واتە لە گەشتە

دیالەکتیکییەکەیدا، لە ئەبستراکتەوە بۆ کۆنکریت، هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەنێت. دوای ئەوە یەکسەر دەگەم بە بیرۆکەیەکی تێهەڵکێش‌تر[٣٨] لەمەڕ منداڵەکە؛ هەڵبەت تا ئەو جێیەی لەڕێی وەسفی دەرەکییەوە تێگەیشتنێکی ئاواهی برەخسێت. هەرکە پەڕاوەکەی بەم شێوەیە پڕ بووەوە، ڕەنگە بخوازم ڕووبەڕوو منداڵەکە ببینم بۆ ئەوەی قووڵتر لە کەسایەتیی و پاڵنەرە ناوەکییەکانی بکۆڵمەوە، و بیخەمە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاری وردتر. ئەودەم «بوون»ی ئەوم پشتڕاست کردووەتەوە و ئیدی بەدوای زات (ماهییەت)یدا دەگەڕێم.

نموونەکەی سەرەوە ئەوەی بۆ ڕوون کردینەوە کە ‹ناکۆکیی›ی دیالەکتیکی زۆر جیایە لە ‹ناکۆکیی›ی ناو لۆژیکی فۆرماڵ. دیالەکتیک هەروا بە ئاشکرا پێچەوانەی «پرەنسیپی نا-ناکۆکیی[٣٩]»ناوەستێتەوە لە لۆژیکی فۆرماڵدا. [واتە دیالەکتیک پێچەوانەی ئەو پرەنسیپەی لۆژیکە فۆرماڵەکە ناوەستێتەوە بڵێت شتەکان لە یەک کاتدا هەم ڕاستن و هەم ناڕاستن]. ناکۆکیی دیالەکتیکیی، ئەودەم سەر هەڵدەدات کە چەمکێک تایبەتمەندیی و خەسڵەتی پێویستیی وەرنەگربێت و خرابێتە ڕوو. ئەو چەمکە خۆی پێویستی بە [خەسڵەتپێدان] و دەستنیشانکردنی زیاترە کە هێشتان دەستەبەر نەبووە. ئەمە ئەو شتەیە وا پێی‌دەوترێت ناکۆکیی دیالەکتیکیی. بەڵام دەستنیشانکردن یان خەسڵەتدان بە شتێک، واتە ئەو شتە پەیوەستە بە شتێکی جیا لە خۆیەوە. بۆ نموونە، دەشێت منداڵەکە کوڕ بێت یانژی کچ. کاتێک دەڵێین کوڕە، یانی کچ نییە. لەم حاڵەتەدا، بەوە خەسڵەت بە چەمکەکە دەبەخشین

کە ئیمکانەکەی تری لێ بسێنینەوە. ئەمە لەگەڵ تێزە ناسراوەکەی سپینۆزاشدا وێک دێتەوە کاتێک دەڵێت: «هەر خەسڵەتپێدانێک، بۆ خۆی نەفییەکیشە[٤٠]».

مەخابن، لێکدانەوەیەکی ناڕاست و باو بۆ سیانە هیگڵییەکە، ئەم پرۆسەیە ئاوەژوو دەکاتەوە و بە تاقی تەنیا ئەو ڕاستییە زەق دەکاتەوە کە کوڕێک (تێز) و کچێک (ئەنتیتێز)، هەردووکیان ‹منداڵ›ن (سەنتێز). بەڵام ئەم لێکدانەوەیە، جووڵەیەکە لە کۆنکرێت (دەستنیشانکراوتر)ەوە بۆ ئەبستراکت (کەمتر دەستنیشانکراو)، واتە لە «کوڕبوون و کچبوون»ەوە بۆ «منداڵ بوون». لەم گوزارەیەدا، هیچ ڕەگەزێکی دیالەکتیکیی نابینین. لە بەرانبەردا، بەپێی ئەو نموونەیەی پێشتر هێنامانەوە، هەر لەسەرەتاوە تێگەیشتین کە منداڵێک هەیە. پاشان پرسیارێک دەکەین بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە منداڵەکە کوڕە یان کچ [واتە پێویستە منداڵەکە خەسڵەت وەربگرێت کە کوڕبوون یان کچبوون لەو خەسڵەتانەیە]. کاتێکیش دەوترێت کوڕە، پرسیارێکی تر دەکەین، بۆ نموونە دەکەوێتە چ تەمەنێکەوە. دوای وەرگرتنی ئەم زانیارییانەش هەوڵ دەدەم تێبگەم وەک خووخدە منداڵێکی دەرنشینە یان ناخنشین، و ئیدی ئا بەم جۆرە درێژەی دەدەمێ. لە درێژەی پرۆسەکەدا، تێدەگەم منداڵەکە لە کام جۆرانەیە. ئەوەی ڕاستی بێت، خەریکم ‹ژیاننامە›ی منداڵەکە دەنووسمەوە. بەڵام گەر هاتو فۆرمێکی سیستەماتیکیی پرسیارکردن بەدەست هەمووانەوە بێت، ئیدی ئیشەکەی من ئاسانتر دەبێت. گەر منداڵەکە بەشی خۆی پێگەیشتبێت، دەتوانێت

سـوود لـەم فۆرمـەی پرسـیارەکان ببینێت و هـەر خۆیشـی ببێتـە دیمانەسـاز و وەڵامـدەرەوەی دیمانەکـەی خـۆی. بـە مانایەکـی تـر، دەتوانێـت «ژیاننامـەی خـۆی» بنووسـێتەوە.

مەزنێتیـی هیـگڵ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە یەکەمجـار پرسیارنامەیەکی سیسـتەماتیکیی لـەم جۆرەی دۆزییـەوە. بە وتـەی مارکـس، هیـگڵ «یەکەمیـن کـەس بـوو بـە شـێوەیەکی گشـتگیر و ئاگامەندانـە، فۆرمـە گشـتییەکانی کارکردنـی دیالەکتیکـی خسـتە ڕوو[٤١]». سـوبێکتی دیالەکتیکیـی، کـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارنامەیەی هیـگڵ دەداتـەوە، ئیـدی ئامادەیـە یەکپارچـە «ژیاننامـەی خـۆی» هەڵبماڵێت. ئـەم پرسـیارنامەیە لـە سـێ دۆکتریـن پێـک هاتـووە: بـوون (Being)، زات (ماهییـەت- Essence) و چەمـک (Notion).

دۆکترینـی بـوون خۆیشـی دابـەش دەبێـت بـە سـەر سـیاندا: چۆنییەتـی[٤٢]، چەندێتیـی[٤٣]، پێوانـە[٤٤]. تـا ڕادەیـەک دەتوانیـن بڵێیـن سـوبێکتی دیالەکتیکیی لە ناو ئەم دۆکترینەدا (کە لێرەدا دەکاتە منداڵی هاوڕێکـەم)، لـە دەرەوەڕا خەسڵەت وەردەگرێت؛ لـە ڕێگـەی میتـۆدی «بوونبـە» یاخـود «پەڕینـەوە لـە فۆرمێکـەوە بـۆ فۆرمێکـی تـر». بـۆ نموونـە، «منداڵەکـە» دەبێتـە «کوڕ»، دەبێتـە «مێردمنـاڵ»، دەبێتـە کەسـێکی «دەرنشـین» و دواییش دەبێتە «مۆسـیقارێکی بەهرەمەند» و هتـد... ئـەم زانیارییانـە گشـتی دەخرێنـە نێـو پـەڕاوی منداڵەکـەوە و لـە سـێ بـەش پێـک دێن: لـە بەشـی یەکەمـدا (چۆنییەتـی)، ئـەوەی کـە عەودالین بزانین منداڵەکە لـە کام جۆرە منداڵانەیە[٤٥]؟ واتـە لـە بوون- بۆ-خۆیـی ماڵەکـە تێبگەیـن[٤٦]. بـا وایدابنێیـن لـە بـواری مۆسـیقادا

بەهـرەی هەیـە. لـە بەشـی دووەمـدا (چەندێتیـی)، هەڵوەدایـن بزانیـن کۆمەڵگا چۆن دان بە بەهـرە خۆنشینەکەیدا دەنێت (دەیناسـێتەوە)، و تاقی دەکرێتـەوە و لـە دەرەوە پێوانـە دەکرێت. لـە کۆتاییشـدا، بەشـی سـێیەمی پەڕاوەکـە دێـت (پێوانـە)، کـە بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە چـۆن بەهـرەی ناوەکیی و دانپیانانـە دەرەکییەکـە تێهەڵکێش دەبن تاوەکوو مناڵەکـە ببێتـە مۆسـیقارێکی تـەواو.

لـەم قۆناغـەدا، دەچینـە نێـو دۆکترینـی ‹زات›ەوە کـە لـە بنـک (ground) و ڕواڵەت (appearance) و کردەکێتیی (actuality) پێک هاتـووە. ئـەم دۆکترینـە ڕێکەوتـە لەگـەڵ قۆناغـی خەسـڵەتوەرگرتن (دەستنیشـانکردن)ی ناوەکیـی سـوبێکت. ئـەو میتـۆدە دیالەکتیکییـەی لێـرەدا بـەکار دێـت، زۆر جـار بـە ڕەنگدانەوە/ڕامـان (reflection) یـان بنیادنـان (grounding) نـاو دەبرێـت» خـۆ دەتوانیـن پێیشـی بڵێیـن ناوەکیکردنـەوە[٤٧]. لـەم قۆناغـەدا، سـوبێکتە دیالەکتیکییەکە بەوە سـنووری خـۆی دیاریـی نـاکات شـتانێک وەدەر بنێت یـان ببوێرێتکە جیـان لـە خـۆی، بەڵکـوو لەجیاتیـی ئـەوە فاکتـەرە دژیەکـەکان ناوەکیدەکاتـەوە، ئەویش بەشـێوەیەکی پۆزەتیـڤ و ئاشـتیخوازانەتر. بۆ نموونـە، پێ دەچێت مناڵەکە بەهـرە مۆسـیقییە بەرزەکـەی خـۆی لـە باوانییـەوە بـە میـرات وەرگرتبێت، بـەڵام دۆخی دارایی خێزانەکەی ئەوەنـدە بـاش نەبووبێـت پەروەردەیەکـی گونجـاوی مۆسـیقای کلاسـیکی بۆ بڕەخسـێنێت. لـە هەلومەرجێکـی ئـاوادا، ڕەنگـە چووبێـت ئامێرێکـی سـادەتری هێنابێـت و لـە ئاکامـدا بووبێتـە مۆسـیقارێکی نـاودار. بـەم جـۆرە، بەهرەکـەی خـۆی پاراسـتووە (ئەمـە دەکاتـە بنک)،

بەڵام خۆی لەگەڵ هەلومەرجی چواردەوردا دەسازێنێت (ئەمەیان دەکاتە ڕواڵەت)، و خۆیشی وەک مۆسیقارێکی دیار دەسەپێنێت (ئەمەشیان بریتییە لە کردەکیبوونەوە).

ئێستاش دەچینە نێو کۆتا پەڕەی خۆژیاننامەکەیەوە: دۆکترینی چەمک. هەنووکە کوڕێکمان هەیە خۆی وەک مۆسیقارێکی دیار سەلماندووە. ئەم کوڕە، چۆنچۆنی دەیگوزەرێنێت و بەردەوام دەبێت؟ ئەم دۆکترینەیان، دابەش دەبێت بە سەر سێ بەشدا: چەمکی سوبێکتیڤ[٤٨]، ئۆبێکت[٤٩]، ئایدیا[٥٠]. ئەو میتۆدەشی لێرەدا دەخرێتە گەڕ، میتۆدی «ئاشکراکردن یا کەشف[٥١]»ە. بۆ نموونە، پێویستە مۆسیقارەکەمان ژیانی خۆی لە سەر بنەمای پرەنسیپە کەسییەکانی خۆی یان دیسپلینێکی خۆسەپێن ڕێک بخات (ئەمە دەکاتە چەمکی سوبێکتیڤ). ئەم پرەنسیپانە پێویستیان بەوەیە یەکانگیر و سیستەماتیک بن، هەروابێتەوە بشچنە خزمەتی ئامانجەکەیەوە. بەڵام ژیانی وی هەمووی بەپێی ئەم پرەنسیپانە ڕێک ناخرێت. هەندێک ڕاستیی تر هەن دەکەونە ئەودیوی پرەنسیپە سوبێکتیڤ و خودییەکانی ئەوەوە. بە حوکمی ئەوەی ئەم ڕاستییانە (ئەم ئۆبێکتانە) هی ئەوە نین پشتگوێ بخرێن، بۆیە ناچارە هەندێک ڕێوشوێن بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت. بۆ وێنە، کاتێک بەرنامە بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتێک دادەڕێژێت، ئیدی ناتوانێت دۆخی داهات نادیدە بگرێت یاخۆ هەستی دایباب و خوشک و براکانی ڕەچاو نەکات. ڕەنگە پێویست بکات هەندێک خۆی بگونجێنێت. تەنیا ئەودەم دەستمان بە «ئایدیا»ی واقیعیی ئەو

کەسەدا دەگات کە ئەقڵی هەماهەنگکردنی پرەنسیپە سوبێکتیڤەکانی گرتبێت لەگەڵ هەلومەرجی بابەتییدا (ئەو هەلومەرجەی کە سنوورێک لەبەردەم پرەنسیپە سوبێکتیڤەکاندا دادەنێت).

دیارە ئەمە بەو واتایە نایەت ئەم نموونەیەی بەردەستمان، تەفسیرێکی وردی لۆژیکی هیگڵمان بداتێ. شتی وا ئەستەمە. ئەوەی لە هەموو شتێکی تر زیاتر دەمەوێت بەم مەشقە بیخەمە ڕوو، ئەوەیە کە دیالەکتیکی هیگڵی دۆکترینێکی تەمومژاویی و [‹عیرفانیی›] نییە مرۆڤەکان نەتوانن تێی بگەن. بە پێچەوانەوە، دیالەکتیک شێوازێکی سرووشتیی بیرکردنەوەیە کە هەموومان لە ژیانی ڕۆژانەماندا پیادەی دەکەین؛ ئیدی خۆمان ئاگامان لێی بێت یان نا؛ چونکە دیالەکتیک بریتییە لە سیستەمێکی تایبەت بە «فۆرمەکانی بیر[٥٢]مان یاخۆ خەسڵەتدان بە بیرکردنەوەمان». ئەرکی دواتری مە ئەوەیە بتوانین ئەم نەخشەهێڵە فیکرییە بخەینە گەڕ بۆ کەشفی دیالەکتیکیی چەمکی سەرمایە. لە حاڵەتێکی وەهادا، دەتوانین تۆزێک ڕژدتر و وردتر دیالەکتیک لێک بدەینەوە. جا دیالەکتیکی سەرمایەش دیسان لە سێ دۆکترین پێک دێت: سوور[٥٣]، بەرهەمهێنان[٥٤]، دابەشکردن (تەوزیعکردن)[٥٥]. ئەو میتۆدە دیالەکتیکییانەی لەم دۆکترینانەدا خراونەتە گەڕ، بە ڕیزبەندیی بریتیین لە: بوونبە، ناوەکیکردنەوە، و ئاشکراکردن. هێزی بزوێنەری پشت دیالەکتیکی سەرمایە، بریتییە لە ناکۆکیی نێوان بەها (value) و بەهای بەکارهێنان (use-value). سەرمایە، وەک سوبێکتێکی دیالەکتیکیی، هەنگاوبەهەنگاو خۆی ئاشکرا دەکات؛

ئەویش بەهۆی زاڵبوونی ‹بەها›ەوە بەسەر ‹بەهای بەکارهێنان›دا کە یەکەمیان پەتییترین تایبەتمەندیی سەرمایەیە و دووەمیشیان نوێنەری هەموو ئەو شتانەیە وا سەرمایە «نین».

دۆکترینی سووری سەرمایە: گەربێ و لە سەرمایە بپرسیت: «بەر لە هەر هەموو شتێک و پێش هەر تایبەتمەندییەکی تر تۆ چیت؟» ئاوا وەڵام دەداتەوە: «من سامانێکی گشتیی و ئەبستراکتم (واتە سامانی کاڵایی-ئابووریی یاخۆ بازرگانیی)، کە هیچ سیفەتێکی ماددیی کۆنکرێت و دیاریکراوم پێوە نییە تاکو بەجۆرێک لە جۆرەکان تۆ خۆشحاڵبکات». ئەم دیوە ئەبستراکت و گشتییەی سامان پێی دەوترێت «بەها»، ئەویش لە بەرانبەر دیوە دیاریکراوە کۆنکرێتییەکەیدا کە بە «بەهای بەکارهێنان» ناو دەبرێت. کاڵا[٥٦]، سادەترین سیاقە ئەم دوو زاراوە بە ڕواڵەت دژیەکەی تیا کۆ دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە مارکس دەڵێت: «لە نیگای یەکەمدا، سەروەتوسامانی کۆمەڵگای بۆرژوازیی، لە شێوەی کەڵەکەیەکی زەبەلاحی کاڵادا خۆی دەردەخات کە ‹یەکە›کەی بریتییە لە کاڵای تاکتاک[٥٧]».

بەهای کاڵا، نابینرێت. بەهاکەی لە هەناوی بەهای بەکارهێنانی هاوپێچی کاڵاکەدا شاراوەتەوە [واتە هەر کاڵایەک دوو بەهای هەڵگرتووە، بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ: بەهای بەکارهێنان بریتییە لەو دیوەی کاڵا کە پێویستییەک پڕ دەکاتەوە؛ بەهای ئاڵوگۆڕیش واتە ئەو زیادەیەی کاڵاکە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی پێوە بکرێت و بچێتە ناو سووری سەرمایەوە]. بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم سنووردارییەدا، بەهاکەی خۆی لە فۆرمی نرخ[٥٨]دا دەخاتە

ڕووو. [دیارە بەپێی فەلسەفەی مارکس بەها ئەبستراکتە، بەڵام نرخ کۆنکریتیی و ڕۆژانەییە]. واتە لە بڕێکی دیاریکراوی بەهای بەکارهێنانی کاڵایەکی تردا دەیخاتە ڕوو. مەبەستم شان دەداتە سەر بەهای بەکارهێنانی کاڵایەکی تر. بە جۆرێک کە لەو بەهای بەکارهێنانە ڕزگاری دەبێت کە لەگەڵیدا هاوپێچە، ئەوەی وا ناچارە پێکەوە لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن. بۆیە لە دەرەوەی ئەو کاڵایەوە بۆ ڕێچار دەگەڕێت. ئەم ڕچەیە، میتۆدی پەڕینەوە یاخۆ «بوونبە»یە.

دەربڕینی بەها لە کاڵاکاندا، خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ‹پارە[٥٩]›ش. پارە، کاڵایەکە (هەروەکو ئاڵتوون) کە هەموو کاڵاکانی تر بەهای خۆیان بە بەهای بەکارهێنانی وی دەپێون. هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییەشە، پارە دەتوانێت بێ هیچ سنوورداریيەکی چۆنایەتیی[٦٠]، کاڵاکانی تر بکڕێت و ئا بەم شێوەیە بەهاکەیان بپێوێت. هەروابێتەوە، پارە بە دوو شێوە خۆی دەردەخات:پارەی کارا (لە سووڕی مامەڵەدا)، پارەی ناکارا[٦١]. جۆری دووەمیشیان، پارەیەکە دەکەوێتە دەرەوەی سووڕی کاڵاوە و چاوەڕێی دەرفەتێکە ببێتە سەرمایە.

سەرمایە، پرۆسەیەکە (یان کارکردێکە) بڕێک پارەی تیا دەبێتە بڕێک پارەی زیاتر، ئەویش لەڕێی سێ فۆرمی جیاوازەوە. ئەم سێ فۆرمەش بریتیین لە: سەرمایەی بازرگانیی، سەرمایەی سوو (قەرز) و سەرمایەی پیشەسازیی. کارکردی یەکەمیان، لەو دووانەی تر زیاتر ڕووبەڕووی ڕێگریی بەهای بەکارهێنان دەبێتەوە، چونکە بازرگان نێوانگرێکە لە نێوان بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەران (مەسرەفکاران)دا گیری خواردووە. بەڵام سەرمایەی پیشەسازیی

زۆرترین ئازادیی هەیە لە ئاست کۆتوبەندەکانی بەهای بەکارهێناندا، چونکە پیشەوەر (پیشەساز)، هەر بە سرووشتی خۆی، دەتوانێت هەموو جۆرە بەهایەکی بەکارهێنان بەرهەم بێنێت، بەو مەرجەی هێزی کار وەک کاڵایەک لەبەردەستیدا بێت.

دۆکترینی بەرهەمهێنان: هەرکە فۆرمی سەرمایەی پیشەسازیی جێی گرت، ئیدی جۆرێک ناکۆکیی تەواو نوێ لەنێوان بەها و بەهای بەکارهێناندا سەرهەڵدەدات. ئەمە ناکۆکییە لەنێوان سەرمایە لە فۆرمە «کریماتیستیک (هەڵکشانی بەها)»ەکەی و ژیانە ڕاستەقینە ئابوورییە کۆ-مێژووییەکەدا[٦٢]، واتە بەرهەمهێنانی بەهای بەکارهێنان تێکرا. ئەمجارە، ناکۆکیی لەو ڕێگەیەوە چارە دەبێت کە کامڵتر و دڵنیاتر لە ئابوورییە واقیعییەکە تێپەڕێت، ئەویش لە فۆرمی هەڵکشانی بەهادا [کە دەکاتە سەرمایەداریی]. ژیانی ڕاستەقینەی ئابووریی هاوبەشی نێوان گشت کۆمەڵگاکان، بەهۆی فۆرمێکی وەک هەڵکشانی بەهای سەرمایەوە، ناوەکیی دەبێتەوە.

پێویستە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەهای بەکارهێنان بەرهەم بێت. بەڵام لە سیستەمی سەرمایەدارییدا، بەهای بەکارهێنان تەنیا وەک ڕەنگدانەوە (یان ڕووی نەرێنیی)ی بەرهەمهێنانی زیادەبەها دێتە ئاراوە. کاڵاکان ڕاستەوخۆ لەبەر بەهای بەکارهێنان بەرهەم نایەن، بەڵکوو لەبەر ئەو زیادەبەهایەی وا لە خۆیاندا هەڵیانگرتووە بەرهەم دێن. بەرهەمهێنانی زیادەبەها، پێویستی بە گەشەی شێوازێکی تایبەتی سەرمایەدارییە کە عادەتەن بریتییە لە کۆمەڵێک کارگەی پۆشتە بە ماشێن. خستنەکاری ماشێنەکان، پێویستی بە پەرەسەندنی

زیاتـر و زیاتـری هێـزی کار[٦٣]ە وەک کاڵایـەک. بۆیـە بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارانەی کاڵا، تەنیـا ناکەوێتـە نێـو کارگـەوە. ئـەوەی نێـو کارگـەدا ڕوو دەدات، دەرەوەی کارگە جڵـەوی دەکات و ڕێکی دەخـات.

بەپێی ئەم دۆکترینە، بەرهەمهێنانی کاڵا وەک بەها، کە زیادەبەهاش دەگرێتـەوە؛ لـە هەمـوو ڕووەکانـەوە لێی دەکۆڵرێتـەوە. واتـە هـەم لـە نـاوەوەی کارگـەوە (وەک پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی سـەرمایە)، هـەم لـە دەرەوەی کارگەشـەوە (وەک پرۆسـەی سـووڕی سـەرمایە)، هەروەهـا وەک چالاکیـی بێوچانـی کـۆی سـەرمایەی کۆمەڵایەتیـی (پرۆسـەی بەرهەمهێنانـەوەی سـەرمایە). ئـەم دۆکترینـە دەیەوێـت شـێوازی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداریی وەک سیسـتەمێکی خۆبەسـی بەرهەمهێنانـی کاڵا بخاتـە ڕوو کـە لەگـەڵ ڕێسـا کۆمێژووییەکانـی ژیانـە ئابوورییـە ڕاسـتەقینەکەدا یـەک دەگرێتـەوە. بـە دەربڕینێکـی تـر، سـەرمایەداریی نـاوی کۆمەڵگایەکی مێژوویـی ڕاسـتەقینەیە نـەک شـتێکی دەسـتکردی خۆمـان کـە بـۆ خۆشـی دامانهێنابێـت.

دۆکترینی دابەشکردن: هەرکاتێک بەردەوامیی و بەرهەمهێنانەوەی زیادەبەهـا جێکـەوت، ئـەودەم سـەرمایەداریی پـەل بـۆ فراوانکردنـی بازاڕەکـەی خـۆی دەکوتێـت، واتـە بـازاڕی سـەرمایەداریی. گەرچـی کاڵا هەمیشـە وەک ‹بەها›یەک بەرهـەم دەهێنرێت و باکی بە بەهـای بەکارهێنـان نییـە، بـەڵام هـاوکات هـەر کاڵایەک بەهایەکی بەکارهێنانی جوداشـی هەیـە کـە بـۆ بەرهەمهێنانەکـەی پێویسـتی بـە تەکنیکێکـی تایبەتیشـە. جـار هەیـە بـۆ بەرهەمهێنانـی بەهایەکـی بەکارهێنـان، پێویسـت بـە زیـاد لـە تەکنیکێـک دەکات.

لـەم قۆناغـەدا، «ناکۆکیـی نێـوان بەهـا و بەهـای بەکارهێنـان» دیسـان فۆرمێکـی تـر دەگرێتـە خـۆی. ئەمجارەیـان ناکۆکییەکـە دەکەوێتـە نێـوان بێباکیـی سـەرمایەدارانە[٦٤] دەرهـەق بـە بەهـای بەکارهێنـان و زەروورەتـی جۆری تەکنیکەکە لە بەرهەمهێنانی ئەم بەهایەدا. دیالەکتیکی کەشف[٦٥]، کە میتۆدێکی سـەر بـەم دۆکترینی دابەشـکردنەیە، ئـەم ناکۆکییـە چارەسـەر دەکات.

لە بازاڕی سـەرمایەدارییدا، ئەو زیادەبەهایەی وا سـەرمایە وەک کۆیـەک بەرهەمـی هێنـاوە، دابـەش دەبێت بـە سـەر یەکـەی جیاجیـادا بە نیسـبەت بڕە هەڵکشـاوەکەیانەوە، ئەمەش پێکهاتنی ڕێژەی گشـتیی قازانـج و نرخەکانـی بەرهەمهێنـان (نرخـی هاوسـەنگ[٦٦]) دەگرێتـەوە کـە هەریەکەیـان لـە بەهـاکان دەترازێـن (تیـۆری قازانـج). وێـڕای ئەمانـەش، سـەرمایەی پیشەسـازیی، تاکـە شـەریکەبەشـی زیادەبەهـا نییـە. گەرچـی زەوی[٦٧] ڕاسـتەوخۆ بەشـداریی لـە بەرهەمهێنانـی بەهـادا نـاکات، بـەڵام فاکتەرێکـی گرنگـە لـە بەرهەمهێنانـی بەهـای بەکارهێناندا. لەم ڕووەوە، سـەرمایە ناچارە بەشێک لە زیادەبەهاکەی خـۆی ڕادەسـتی خاوەنداریێتیـی زەوی[٦٨] بـکات، کـە کۆکـەرەوەی هەمـوو جـۆرە جیاوازەکانـی ڕانتـە (تیـۆری ڕانـت یـان کرێخۆریـی). خاوەنداریێتیی زەوی، ئـەو مافـە بـە خاوەنەکـەی دەدات کـە [بەردەوام] خولـی داهاتەکـە لـە فۆرمـی ڕانـت (کـرێ)دا وەربگرێـت.

ئەزموونـی هاوبەشـیپێکردنی زیادەبەهـا لەگـەڵ خاوەنداریێتیـی زەوی بـەم شـێوەیە، سـەرمایە وا لـێ دەکات سـەرلەنوێ خـۆی وەک موڵـک یـان خاوەنداریێتیـی بچەمکێنێتـەوە [و پێناسـەبکاتەوە].

سـەرمایەش وەک موڵـک، خۆبەخـۆ دەبێتـە خاوەنـی ئـەو مافـەی کـە سـوود لـە تەوژمێکیقازانـج وەربگرێـت. سـەرمایەی قازانجهێـن[٦٩]، تێهەڵکێشـترین و کامڵتریـن چەمکـی سـەرمایەیە (بەپێـی تیـۆری قازانـج). لەگـەڵ ئەمەشـدا، ئـەم چەمکـە تەنیـا ئـەودەم مایـەی پێگەیشـتن و [تێگەیشـتنە] کـە سـەرمایەی پیشەسـازیی کارکردە خولییەکانیخـۆی بسـپێرێتە سـەرمایەی ئیعتیبـاری (قەرزەکیـی)[٧٠] و سـەرمایەی بازرگانیـی[٧١]. ئـەم دوو فۆرمـە لـە سـەرمایە ڕۆڵێکـی ڕاسـتەوخۆیان لە بەرهەمهێنانی زیادەبەها و سـەرمایەی پیشەسـازییدا هەیە. سـەرمایەی ئیعتیبـاری لـە ڕێگـەی دەسـتەبەرکردنی کرێدتەوەبـۆ سـەرمایەی پیشەسـازیی، ئـەو دەرفەتـە دەڕەخسـێنێت کاڵاگەلێک بکڕێـت کـە لـەم حاڵەتـەدا نەبێت ناتوانێت بیکڕێت. سـەرمایەی بازرگانییش، ئەرکێکـی قـورس و کاتخایەنـی وەک فرۆشـتنی کاڵا لـە سـەرمایەی پیشەسـازیی دەسـێنێتەوە و بەم هۆیەشـەوە ڕێ بە سـەرمایەی پیشەسـازیی دەدات سـەرنجی خـۆی لەسـەر زیادەبەهـا چڕتـر بکاتـەوە.

لـە هەمـوو ئـەم حاڵەتانـەدا، سـەرمایە هـەوڵ دەدات مـەودا لـە بەرهەمهێنانـی بەهـای بەکارهێنـان وەربگرێـت. یەکـەم پرەنسـیپی دابەشـکردنی زیادەبەهـا وەک سـوود، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هەمـوو یەکەکانی سـەرمایەی پیشەسـازیی، بەدەر لەوەی چ بەهایەکی تایبەتی بەکارهێنان بەرهـەم دەهێنن، وەک یەک و بەگوێرەی ئەو سـەرمایەیەی پێشـوەخت خراونەتـە گـەڕ، پاداشـتی خۆیـان وەردەگرن. پرەنسـیپی دووەمیش ئەوەمـان بۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە چۆن زیادەبەها دەتوانێت دابـەش ببێت بـە سـەر کشـتوکاڵ (کـە پشـت بـە زەوی دەبەسـتێت) و

کەرتی ناکشتوکاڵییدا کە پشت بە زەوی نابەستێت. کۆتا پرەنسیپی دابەشکردن پێمان دەڵێت سەرمایەدارەکان گشتیان، چ ئەوانەی بە شێوەیەکی بەرهەمهێنەرانە لە پیشەسازییدا چالاکن (بەرهەمهێنانی بەهای بەکارهێنان) و چ ئەوانەشی بە شێوەیەکی نابەرهەمهێنەرانە سەرقاڵی بازرگانیی و ئاڵوویری داراییین، دەتوانن بەپێی بڕی خاوەندارێتیی سەرمایەکەیان، لە فۆرمی قازانجدا نەک سوود، ببنە هاوبەشی ئەو زیادەبەهایەی هەیە.

ئەوەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا هات، بە شێوەیەکی تەواو چڕ، بنیادی دیالەکتیکی سەرمایەمان بۆ دەخاتە ڕوو. لێکچوونێکی سەیر لەنێوان لۆژیکی هیگڵ و دیالەکتیکی سەرمایەدا بەدی دەکەین. بەڵام ئەم لێکچوونە بە لای منەوە سەیر نییە. سوبێکتی دیالەکتیکیی، هەمیشە هەر بەشێکە لە خۆمان، با لە ئاستێکی گەورەتر و کشاوتریشدا بێت. تەنیا یەک ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی ئەم سوبێکتە بتوانێت تێکڕا و سیستەماتیک خۆی تیا ئاشکرا بکات، ئەویش ئەویش ڕێگەی دیالەکتیکە.

axiomatic [١]

Dialectics [٢]

(abstract-general) [٣]

[٤]. لێرەدا بەرانبەر وشەی ناوەڕۆکدار، وشەی (substantive) هاتووە کە هەموو ڕەهەندەکانی هەر گوزارشت لە ناوەڕۆک دەکەن نەک فۆرمی ڕووت، وەک: زاتی، جەوهەری، ناوەڕۆکمەند و... هتد.

Synthetic [٥]

Teleological[٦]

Tautological[٧]

Empirical [٨]

'the truth is the whole' [٩]

real truth [١٠]

'thing-in-itself' [١١]

self-explaining [١٢]

[١٣]. ئایدیای لۆژیکیی کۆنکریتیی (concrete logical idea): ئایدیا لای هیگڵ، ئایدیای لۆژیکە کلاسیکەکە نییە لە زەینی تاکەکەسدا بمێنێتەوە، بۆیە دەبزوێت و دەچێتە نێو پرۆسەی دیالەکتیکەوە (ناو جووڵە و ناکۆکیی و گەشەوە)، لە ئەبستراکتیشەوە دەبێتە کۆنکرێت- و

Autobiographical [١٤]

the Absolute [١٥]

Nature [١٦]

Matter [١٧]

Anthropomorphism [١٨]

Essence [١٩]

[٢٠]. لە دەقەکەدا فەیز (ڕێژەن) هاتووە، ئەویش هەر نزیکە- و

self-idealization [٢١]

[٢٢]. مەبەستی نووسەر ئەوەیە سرووشت ڕاستەوخۆ و بێ ئێمە نابێتە بکەر، ئەگینا ئاشکرایە سرووشت بە شێوەیەکی دیالەکتیکیی لە ئێمەشدا ئامادەیە، ئیدی لە لەشمانەوە بیگرە تا سرووشتە شەخسییەکەمان- و

[٢٣] Totality

[٢٤] Capital

[٢٥]. پاڵنەرە ئابوورییەکان (economic motives)، بزوێنەر یاخۆ هۆکارە ئابوورییەکانیش دەگرێتەوە. لەبەر ڕوونیی و ئاسانییەکەی، پاڵنەرمان دانا- و

[٢٦] dialectical subject

[٢٧] Identity

[٢٨] subjectivity of capital

[٢٩] 'force of abstraction' (١٩٥٨، ٨)

[٣٠]. (والآس،١٩٧٥، ل٣٦).

[٣١] made infinite

[٣٢] self-definition

[٣٣] Being

[٣٤] non-being

[٣٥] Becoming

[٣٦] Contradiction

[٣٧] dialectical contradiction

[٣٨] more synthetic

[٣٩] principle of non-contradiction

[٤٠] all determination is a negation

[٤١] marx (١٩٥٨، ٢٩)

[٤٢] Quality

[٤٣] Quantity

[٤٤] Measure

Was für ein Kind ist es [٤٥]

(being-for-self / Fürsichsein) [٤٦]

Internalization [٤٧]

Subjective [٤٨]

Object [٤٩]

Idee [٥٠]

Entfaltung [٥١]

thought–forms [٥٢]

Circulation [٥٣]

Production [٥٤]

Distribution [٥٥]

Commodity [٥٦]

(١٩٠٤، ١٩) marx[٥٧]

Price [٥٨]

Money [٥٩]

[٦٠]. وەک لە ڕستەی پێشووترەوە دەردەکەوێت، پارە خۆی خاوەنی هیچ ناوەڕۆک و چۆنایەتییەکی تایبەت نییە، بۆیە لەگەڵ هەموو کاڵایەکی تردا مایەی ئاڵوگۆڕە– و

[٦١]. بەهۆی ئەوەی چەمکەکانی ئەدەبییاتی مارکسیی تەواو جێگیر نەبوون لە زمانی کوردییدا، هەندێکیمان بە شێوەی کاتیی داناوە– و

supra–historic [٦٢]

labor–power [٦٣]

capitalist indifference [٦٤]

dialectic of unfolding [٦٥]

[٦٦]. واتە خواست و خستنەڕوو هاوسەنگن و کاڵاکان بەپێی خواستی بازاڕ، خراونەتە ڕوو– و

Land [٦٧]

landed property [٦٨]

Interest–bearing capital [٦٩]

loan–capital [٧٠]

commercial capital [٧١]

## سەرچاوەکانی نووسەر:

Marx، Karl. 1904. A Contribution to the Critique of Political Economy. Chicago:

Charles H. Kerr.

Marx، Karl. 1958. Capital، Vol. 1. Trans. Samuel Moore and Edward Aveling.

Moscow: Foreign Languages Publishing House.

Wallace، W. 1975. Hegel’s Logic. Oxford، England: Oxford University Press.

لەم دوو سەرچاوەوە کراوەتە کوردی:

– دیالکتیک برای قرن جدید، ایستوان مزاروش، فریدریک جیمسون، دیوید هاروی...ویراستاران انگلیسی: برتل اولمن و تونی اسمیت. وبراستار ترجمە: فواد حبیبی. چاپ اول، نشر اختران، ١٣٩٦.

– Dialectics for the New Century: Edited by Bertell Ollman and Tony Smith. First published 2008 by PALGRAVE MACMILLAN.

Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشەمۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەلادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com